كردي

# موسڵمانە بچکۆلەکە

دەقێکە بنەماکانی ئیسلام و رەوشت و ئەخلاقەکان لە خۆدەگرێت بۆ منداڵی موسڵمان

ئامادەکردنی کۆمەڵێک دکتۆر لە جەزائیر
دەرهێنانی ماڵپەڕی یاری دەکەم و فێردەبم

alsarhaan.com

mahadsunnah.com

بسم الله الرحمن الرحيم

# بەشی یەکەم

# 1


## ئیمان و باوەڕەکەم

### من موسڵمانم

(اللّٰه) پەروەردگاری منە 🕋
موحەممەد ﷺ پێغەمبەری منە . 🕋
ئیسلام ئاینی منە . 🕋

من خوای بەرز و باڵام خۆشدەوێت
چونکە ئەو پەروەردگاری جیهانیانە و بە بەزەیی و میهرەبانە و خاوەنی ڕۆژی سزایە .
چونکە ئەو دروستی کردووم و رزقی داوم و کردوومی بە موسڵمان

خوای گەورە دەفەرموێت :



بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان 1
حەمدو سەناو ستایش بۆ پەروەردگارو بەدیهێنەرو بەڕێوەبەری
هەموو جیهانیان 2
ئەو خوایەی زۆر بەرەحم و سۆزو بەزەیی و میهرەبانە 3
خاوەنی ڕۆژی سزاو لێپرسینەوەو قیامەتە 4
ئەی پەروەردگار هەر تۆ تایبەت ئەکەین بە پەرستن‌و جگە لە تۆ
کەسی تر ناپەرستین، وە هەر تۆ تایبەت ئەکەین بە داوای یارمەتی
کردن‌و داوای یارمەتی لە غەیری تۆ ناکەین 5
ئەی پەروەردگار هیدایەتمان بدەو ڕێنماییمان بکە بۆ ڕێگای ڕاست وە
بەردەوامیمان پێ ببەخشە لەسەر ڕێگای ڕاست کە ئیسلامە 6
ڕێگای ئەو کەسانەی کەوا نیعمەتی خۆت ڕژاندووە بەسەریاندا , نەك
ڕێگای ئەو کەسانەی کەوا غەزەبت لێیان گرتووەو لێیان تووڕەبووی
کە جوولەکەن، وە نە ڕێگای ئەو کەسانەی کەوا وێڵ و گومڕاو
سەرگەردان بوون کە گاورەکانن 7

سورەتی (الفاتحة 1-7)

وە من پێغەمبەرم -صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- خۆشدەوێت :
چونکە خوای گەورە بۆ ئێمەی رەوانە کردووە و ئەویش خوای گەورەی پێ ناساندین و قورئانی فێرکردین
چونکە پێغەمبەری خوا کەسێکی بە بەزەیی و بە رەحم و میهرەبانە ,
ئەخلاق و رەوشتی گەورە و مەزن بوو , وە ئاکار و رەوشتی زۆر جوان بوو .

خوای گەورە فەرموویەتی

وە تۆ لەسەر ڕەوشت و ئاکارو ئەدەب و « ئەخلاقێکی یەکجار گەورەو بەرزی »

سورەتی (القلم _٤)

**هەروەها فەرموویەتی:**

«بەرامبەر بە باوەڕداران
زۆر بەڕەحم و سۆزو
بەزەیی و میهرەبانە»

**سورەتی (التوبة -124)**

## وە خوای گەورە فەرموویەتی:

ئەی (محمد) ئێمە کەوسەرەمان پێ بەخشیوویت. 1 ئەی (محمد) تۆش نوێژەکانت بەتاك و تەنها بۆ خوای گەورە بکە وە حەیوان سەربڕینیشت بەتاك و تەنها بۆ خوای گەورە بێ و بەتاك و تەنها ناوی خوای گەورەی لەسەر بێنە. 2 ئەو کەسەی کە ڕقی لە تۆیەو دوژمنی تۆیە ئەی محمد یان ڕقی لەو هیدایەت و ڕووناکی و حەقە ئاشکرایەیە کە هێناوتە ئەو 3 خۆی دوابڕاوو وجاخکوێرو بێخێرە

سورەتی (الکوثر 1-3)

## وە دینەکەی خۆم کە ئیسلامە خۆش دەوێت

**چونکە ئیسلام دینی حەقە کە خوای گەورە خۆی رازی بووە بیکاتە دینی ئێمە و پێغەمبەرمان هێناویەتی ﷺ**
**وە چونکە هەرکەسێك دەستی پێوە بگرێت ئەوا دەچێتە بەهەشتەوە و هەرکەسێك وازی لێ بهێنێت دەچێتە ئاگرەوە**

## خوای گەورە فەرموویەتی

خوای گەورە سوێند ئەخوات بە عەسر کە مەبەست پێی کاتی نوێژی عەسرە, یاخود وتراوە: مەبەست پێی سەردەم و زەمانەیە ئەمەیان تەواوترە 1 بەراستی سەرجەم مرۆڤایەتی هەر هەموویان بەردەوام لە زەرەرمەندی و بە هیلاك چوون و تیاچووندان 2 تەنها ئەوانە نەبێت کە ئیمانیان هێناوەو بە تاك و تەنها خوای گەورەیان پەرستووەو کردەوەی چاکیان کردووە وە ئامۆژگاری یەکتری ئەکەن بە حەق، وە ئامۆژگاری یەکتری ئەکەن کە ئارام بگرن لەسەر گوێڕایەڵی کردنی خواو پێغەمبەرەکەی 3

سورەتی (العصر 1-3)

## وە پایەکانی ئیمان شەش دانەن 6

1. ئیمان هێنان بە خوا
2. ئیمان هێنان بە فریشتەکان
3. ئیمان هێنان بە کتێبەکان
4. ئیمان هێنان بە پێغەمبەران
5. ئیمان هێنان بە رۆژی دوایی
6. ئیمان هێنان بە قەدەر چ خەیرەکەی بێت یان شەڕەکەی





## وە پایەکانی ئیسلام پێنج دانەیە : 5

1. شایەتی دان کەوا هیچ خوایەك نییە شایەنی پەرستن بێت تەنها اللّٰه نەبێت , وە موحەممەد نێردراوی خوایە .
2. ئەنجامدانی نوێژەکان
3. دەرکردنی زەکاتی سەروەت و سامان
4. رۆژووگرتنی مانگی رەمەزان
5. حەجکردنی ماڵی حەرامی خوای گەورە .

وە هەموو ئەوەی خوای گەورە و پێغەمبەرەکەی خۆشیان دەوێت منیش خۆشم دەوێت .



وە هەموو ئەوەی خوای گەورە و پێغەمبەرەکەی رقیان لێ دەبێتەوە منیش رقم لێی دەبێتەوە .

# بەشی دووەم


# 2

# نوێژەکەم



خوای گەورە ئێمەی بۆ پەرستنی
خۆی دروست کردووە بە تاك و تەنها
, بۆیە جگە لە ئەو ناپەرستین و داوا
لە جگە لە ئەو ناکەین - پاکی و
بێگەردی بۆ ئەو-

## وە مەزنترین پەرستش : نوێژە .



# 5 وە نوێژەکان پێنج دانەن :

| | | |
|---|---|---|
| بەیانی | 2 | دوو رکات نوێژ دەکەم |
| نیوەڕۆ | 4 | چوار رکات نوێژ دەکەم |
| عەسر | 4 | چوار رکات نوێژ دەکەم |
| مەغریب | 3 | سێ رکات نوێژ دەکەم |
| خەوتنان | 4 | چوار رکات نوێژ دەکەم |



وە پارێزگاری لە نوێژەکان دەکەم لە کاتی خۆیدا و بە خشوعەوە ئەنجامی دەدەم



وە پێش ئەوەی نوێژ بکەم دەستنوێژ دەشۆرم , وە هەرگیز بەبێ دەستنوێژ نوێژ ناکەم .



# بەشی سێیەم

# 3

# ڕەوشت و ئەخلاقم

**خوای گەورە ڕەوشتی جوانی خۆش دەوێت و ڕقی لە ڕەوشتی ناشرینە .**
**وە پێغەمبەری خوا هاتووە بۆ ئەوەی بنەماکانی ئاکار و ڕەوشت تەواو بکات و کاملی بکات .**

**پێویستە لەسەرم خۆم برازێنمەوە بە ڕەوشتی جوان.**
وەکو ڕاستگۆیی و وەفا و سپاردەپارێزی و بوێری و سەخاوەت و گفتشیرینی و ڕێزگرتنی مامۆستا و ڕێزگرتن لە گەورەکان .

**وە لە ڕەوشتە خراپەکان دوور دەکەومەوە :**
وەکو درۆ و خیانەت و لاوازی و ڕەزیلی و قسەی ناخۆش و بێ ڕێزی .

**پێغەمبەری خوا فەرموویەتی :**
"نزیکترین کەستان لە منەوە لە ڕۆژی قیامەتدا ئەوانەتانن کە ڕەوشتی لە هەمووان جوانترە لە دونیادا"

# كۆتایی

**زانست روناكییە و نەزانین تاریكییە**

بۆیە هەوڵ و تێكۆشان دەكەم بۆ بە دەست هێنانی زانست و هەموو هەوڵێك دەدەم بۆ بەدەست هێنانێ , بۆ ئەوەی خواكەم لێم رازی بێت و بمخاتە بەهەشتەوە .
وە زیكرەكان قەڵای موسڵمانن.
جا پارێزگاری لە زیكرەكانی بەیانیان و ئێواران دەكەم , لەوانە : خوێندنەوەی ئایەتولكورسی و سورەتی (الاخلاص) و (المعوذتین)
وە نزا و پاڕانەوە كلیلی سەركەوتن و دەربازبوونە .
بۆیە هەموو كاتێك داوا لە خوا دەكەم : لە سوژدەدا و لە پاش بانگ و لە شەواندا .

وە لەو دوعا و نزایانە :

خودایە هیدایەتم بدە و کاری راست و تەواوم پێ ببەخشە

ئەی خودایە زانیاریم زیاد بکە

ئەی خودایە لە تاوانەکانم خۆشبە و لە تاوانەکانی دایك و باوکم خۆشبە و رەحمیان پێ بکە .

ئەی خودایە لە دونیادا حەسەنە و چاکەم پێ ببەخشە و لە دوارۆژیشدا حەسەنە و چاکەم پێ ببەخشە , وە لە سزای ئاگر بمپارێزە ,

تەواو بوو سوپاس بۆ خوا

کتێبی موسڵمانە بچکۆلەکە: کتێبێکە
بە زمانی کوردی ، لە دەرهێنانی
ماڵپەڕی یاری دەکەم و فێردەبم کە
شەیخ دکتۆر هەیسەم سەرحان
سەرپەرشتی دەکات ، ئەویش
دەقێکە بنەماکانی ئیسلام و ڕەوشتی
منداڵی موسڵمان لە خۆ دەگرێت ، بە
بەرگێکی جوان و قەشەنگەوە
دەرچووە ، کە خۆشی و چێژێک
دەبەخشێتە کتێبەکە.